## (25)

## گفتوگۆیەکی ژیرانە

## ئایا لە ئەستۆبوونی خەرجی ئافرەت لە کەسایەتی ئافرەت کەم دەکاتەوە؟

بەڕێزان!

لەم بەشەدا یەکێك لە مافەکانی ئافرەتان دەتوێژینەوە کە خوای پەروەردگار پێویستی کردووە لەسەر پیاوان، ئەویش(مەسەلەی نەفەقەی)ە، بەخێوکردن و خەرجی ئافرەت لە ئەستۆی پیاوەکەیدایە، بەر لە شووکردنیشی خەرجی و نەفەقەی لە ئەستۆی باوکیەتی، کەواتە: پیاو ئەرکی تەواوی نەفەقەی هاوسەرەکەی خۆی لە ئەستۆیە، ئەگەر باوکی مردبێ دەبێ دایکەکەشی بەخێو بکات، یاخود ئەگەر خوشکی شووی نەکردبێ دەبێ خوشکیشی بەخێو بکات، ئەگەر خوشك و برای بچووکی هەبێ و ئەمیش برا گەورەبێ وە توانای کارکردنی هەبێ دەبێ ئەوانیش بەخێو بکات.

ئەمە یەکێکە لەو ئەرکانەی کە خوای پەروەردگار خستوویەتیە ئەستوی پیاو، لە بەرامبەردا ئافرەت هەرچەندە خەرجی و نەفەقەی لەسەر پیاوەکەیەتی بەڵام ئیسلام ڕێگری لێ نەکردووە بچێ کار بکات، بەڵام هەندێ کار هەیە لەگەڵ سروشت و توانای ئافرەت ناگونجێ، یاخود لەهەندێ کاتدا ئافرەت توانای کارکردنی نییە، هەندێ کار هەیە قورسە لەگەڵ توانای جەستەیی ئافرەت نایەتەوە، هەروەها هەندێ کاری دیکە هەیە کاتەکەی یەکجار زۆرە ئەمەش وا دەکات لەسەر حیسابی منداڵەکانی و هاوسەرەکەی بێت بەتایبەت لەکاتی ئێستادا کە کارکردن کەم بووە، لە کۆمپانیا ئەهلییەکاندا جاری وا هەیە ئافرەتان کاردەکەن بەلایەنی کەم حەوت بۆ هەشت کاتژمێر لەسەر کارن، ئەم هەموو کاتە دوور و درێژە بە دڵنیاییەوە زەرەر و زیان بە پەیوەندی نێوان خۆی و خێزانەکەی دەگەیەنێ.

زانایان گوتوویانە ئەو نەفەقەیەی کە پێویستە لەسەر پیاو بریتییە لە دابینکردنی خواردن و جل و بەرگ و جێگا و خانوو و کەل و پەلی پێویستی ماڵ، هەروەها ئیشکەریش ئەگەر هاتو پیاوەکە هەبوون بێ، ئەمەش کۆ ڕای شەرعناسانی لەسەرە.

خوای پەروەردگار لەچەند ئایەتێکدا مەسەلەی نەفەقەی باس کردووە وە جەختی لەسەر ئەو مافەی ئافرەتان کردۆتەوە، ئەمەی خوارەوە چەند نمونەیەکە لەمانە:

1)- خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ لِيُنفِقۡ ذُو سَعَةٖ مِّن سَعَتِهِۦۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيۡهِ رِزۡقُهُۥ فَلۡيُنفِقۡ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُۚ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَاۚ ﴿٧﴾ ﴾ الطلاق.

با ئەوانەی ڕزق و ڕۆزیان فراوانە و دەوڵەمەندن بەگوێرەی ئەو دارایی و دەوڵەمەندییەی کە هەیانە خەرجی هاوسەرەکانیان بکێشن، ئەو کەسەش کە کەمدەست و هەژارە با لەوە ببەخشێ کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، خوای پەروەردگار بەگوێرەی ئەو داراییەی پیاو هەیەتی داوای بەخشینی لێ دەکات بۆ خێزانەکەی و هەرگیز شتێك ناخاتە ئەستۆی کەسێك کە ئەو کەسە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکەی نەبێ.

پەروەردگاری مەزن لە ئایەتەکەدا ڕەچاوی ئەوپەڕی هاوسەنگی کردووە، کە هەر پیاوێك بە گوێرەی توانای دارایی خۆی نەفەقەی خێزان و هاوسەرەکەی بکات، لەلایەك ڕێگری کردووە لەو پیاوەی کە هەبوونە و توانای دارایی باشە ڕەزیلی بکات، لەلایەکی ترەوە ئەو پیاوەی کە توانای دارایی نییە خوای پەروەردگار شتێکی نەخستۆتە ئەستۆی لەتوانایدا نەبێ، لە بەرامبەردا ئافرەتەکەشی دەبێ ڕەچاوی باری دارایی خراپی پیاوەکەی بکات، نابێ زۆری لێ بکات، بەڵکو دەبێ ئارامگر بێت، ئەگەر کەموکورییەك لەڕووی کاسبی کردنەوە لە پیاوەکە هەبوو، ئەوا ئافرەتەکە دەتوانێ بە هێمنی و لەسەرخۆیی ئاگاداری بکاتەوە، ئەگینا دەتوانێ بە باوکی پیاوەکەی واتە:(خەزووری)، یان کەسێکی دیکەی نزیکی بڵێ کە پیاوەکەی ئاگادار بکەنەوە لەو کەموکورییە.

ئینجا لە تەواوکەری ئایەتەکە خوای پەروەردگار ئەو خێزانانە دەدوێنێ کە کەم دەستن، ئەو پیاوانەی کە ناتوانن بەتەواویی نەفەقەی هاوسەرەکانیان دابین بکەن، لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان کەم دەستن پێیان دەفەرموویێت: ﴿ سَيَجۡعَلُ ٱللَّهُ بَعۡدَ عُسۡرٖ يُسۡرٗا ﴿٧﴾ ﴾ الطلاق، دەفەرمووێ: لە داهاتوویێکی نزیکدا خوای پەروەردگار ئەم کەم دەستی و هەژاریەتان بۆ دەگۆڕێ بە حاڵێکی باشتر و ئاسانتر و چاکتر، لەپاش ناخۆشی خۆشی

دەهــێنێ، لــەپاش تــەنگی فراوانــی دەهــێنێ، ئەمــە قۆنــاغێکی ژیانــە و ژیــانیش تاقیکردنەوەیە.

2)- لە ئایەتێکی دیکەدا دەفــەرموویێت: ﴿ أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ ﴿٦﴾ ﴾ الطلاق، خوای پەروەردگار بە پیاوان دەفەرموویێت: لەو شوێنەی کە خۆتان لێی نیشــتەجێن و کردووتانە بە ماڵ، لەوێ خێزانەکانتان نیشتەجێ بکەن، ئەمەش برێتییە لە دابینکردنی مافی نیشتەجێبوون و خانوو کە خوای پەروەردگار لەسەر پیاوی پێویست کــردووە دابــینی بکات بۆ خێزانەکەی.

3)- هەر لەبارەی نەفەقەی ئافرەتەوە خوای بەرز و مــەزن دەفــەرمووێ: ﴿ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴿٢٣٣﴾ ﴾ البقرة، لەســەر پیــاو پێویســتە ڕزق و ڕۆزی و بــەرگ و پۆشاك بۆ منداڵەکانی و هاوسەرەکەی بە چاکە دابین بکات، واتە: نەك بە هەراو گارە گار و منەت لەسەر کردن، پیاو هەیە ڕۆژانە سەدان سکاڵا لە خێزان و منداڵەکانی دەکــات و دەنگیان بەسەردا بەرز دەکاتەوە و منەتیان لەسەر دەکات، ئەمەش پێچــەوانەی شــەرعە، لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە ئەگەر نانێك بۆ ماڵەوە بهێنێتەوە ئەوا واجبێکی جێبــەجێکردووە، چۆن دەبێ منەت بکات؟ بە پێچەوانەوە دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتیەکەی خۆی بکات.

4- لەم گێڕانەوەیەدا زیاتر واجب بوونی نەفەقەی خێزان لەسەر پیاو ڕوون دەبێتەوە:

**{جَاءَتْ هِنْدُ أُمُّ مُعَاوِيَةَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَقَالَتْ إِنَّ أَبَا سُفْيَانَ رَجُلٌ شَحِيحٌ وَأَنَّهُ لاَ يُعْطِينِى مَا يَكْفِينِى وَوَلَدِى إِلاَّ مَا أَخَذْتُ مِنْهُ وَهُوَ لاَ يَعْلَمُ فَهَلْ عَلَىَّ فِى ذَلِكَ مِنْ شَىْءٍ فَقَالَ لَهَا النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم: «خُذِى مَا يَكْفِيكِ وَبَنِيكِ بِالْمَعْرُوفِ»}**[1] هیندی کچی عوتبە کە دەکاتە دایکی موعاویە هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ پێی دەڵێ: ئەبو سوفیان لەگەڵ ئەوەی دەوڵەمەند و خوا پێداوە، پیــاوێکی ڕەزیلــە و ئەوەندەم پێنادا بەشی خۆم و منداڵەکانم بکات، ئایا دروستە بەبێ ئاگــاداری خــۆی پــارە ببەم، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووی: ئەوەندە ببە کە پێویستیەکانت پڕ دەکاتەوە.

---

1) لَفْظُ حَدِيثِ عَبْدِ الْعَزِيزِ رَوَاهُ الْبُخَارِىُّ فِى الصَّحِيحِ عَنْ أَبِى نُعَيْمٍ وَرَوَاهُ مُسْلِمٌ عَنْ يَحْيَى بْنِ يَحْيَى.

دیسان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر واجب بوونی نەفەقە و خەرجی ئافرەت لەسەر پیاوەکەی، زانایانی شەرعناس گوتوویانە ئەم گێڕانەوەیە بناغەیەکی گەورەی لەسەر دادەمەزرێ، لەمەسەلەی نەفەقە، {ئەگەر پیاو کەموکوڕی هەبوو لە نەفەقەی ماڵ و منداڵی ئەوا ئافرەت بۆی هەیە بای پێویستی خۆی و منداڵەکانی لە ماڵەکەی ببات بەبێ زێدەڕۆیی کردن} .

5- پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لە حەجی ماڵ ئاواییدا فەرمووی: {**وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ**}[2] واتە: ئافرەتان ڕزق و ڕۆزی و بەرگ و بۆشاکیان لەسەر پیاوانە و دەبێ بەچاکیی بۆیان دابین بکەن.

6- پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرموویەتی: {**وَالْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ**}[3] واتە: ئەو دەستەی بەرزە و دەبەخشێ باشتر و چاکترە لەو دەستەی کە نزمە و داوای یارمەتی دەکات، بەخشین و یارمەتیدانیش لەو کەسەوە دەست پێ بکەن کە نەفەقە و خەرجی لەسەرت پێویستە واتە: خاو و خێزانت.

بەڕێزان!

بەداخەوە هەندێ پیاو هەن زۆر سست و تەمبەڵن لە پەیداکردنی بژێو بۆ منداڵەکانیان و خێزانەکانیان، هەر چاوی لەوەیە خەڵك یارمەتی بدات، ماڵ و منداڵەکەی خۆی تووشی خەم و خەفەت و نەخۆشی دەروونی کردووە، بەڕاستی دەبێ ئەم جۆرە پیاوانە لەخوا بترسن، سەیری ئەو دەقانەی سەرەوە بکەن کە هێنامان، ئەم کارەی ئەوان پێچەوانەی ئەم ئایەت و فەرموودانەیە، پیاو ئەگەر بتوانێ کاسبی بکات بەڵام تەمبەڵی بنوێنێ بە دڵنیاییەوە گوناهبارە، لە بەرامبەردا ئەو پیاوانەی خۆیان ماندوو دەکەن، خەرجی ماڵ و منداڵیان پەیدا دەکەن، ئەوا ئەو ئەرك و ماندوبوون و خەرجیەیان بۆ بە خێر و سەدەقە هەژمار دەکرێت.

---

2) **أخرجه مسلم (886/2، رقم 1218) وأبو داود (182/2، رقم 1905)، وابن ماجه (1022/2، رقم 3074).**

3) **أخرجه البخارى (2048/5، رقم 5040).**

پیاو تا دەتوانێ دەبێ ڕێگری بکات لەوەی ماڵ و منداڵەکەی بەهەژاری بژین، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ بەیانیان و ئێواران پەنای بەخوای پەروەردگار گرتووە لە هەژاری و نەداری، زانایان گوتوویانە: {هێندەی نەماوە هەژاری سەربکێشێ بۆ کوفر} بۆیە بەدووری مەزانە پیاو بەهۆی کەمتەرخەمییەوە منداڵەکانی خۆی هەژارخات و ئەوانیش بەهۆی ئەم هەژارییەوە تووشی لادان و سەرپێچی بن، بۆیە پیاو بەگوێرەی توانا دەبێ خۆی ماندوو بکات، هەوڵی جددی بدات، بە پێچەوانەوە شتێکیش لەتوانای مرۆڤدا نەبێ ئەوا بەدڵنیاییەوە تێیدا گوناهبار نابێ.

**مەسەلەی –خزمەتکار- ئیشکەر:**

زۆربەی زانایان گوتوویانە: لەسەر پیاو پێویستە ئەگەر لەتوانایدا بوو ئیشکەر بۆ خێزانەکەی بگرێ، ئەمەش کارئاسانییە بۆ ئافرەت و یارمەتی دانیەتی، بەتایبەت لەهەندێ قۆناغدا یان لە هەندێکاتدا، بۆ وێنە:جاری وا هەیە ئافرەتەکە دوو سێ منداڵی بچووکی هەیە، یان دەوامی هەیە ناپرژێتە سەر کارەکانی یان میوانی زۆرە.

جمهوری فوقەها گوتوویانە: پێویستە لەسەر پیاوی خواپێداو ئیشکەر بۆ خێزانەکەی بگرێ، ئینجا ئەو ئیشکەرە یان دەبێ ئافرەت بێ، یان ئەگەر پیاو بوو، دەبێ کەسێکی نزیکی ئافرەتەکە بێ.

لەبارەی ئەو ئافرەتانەی کە مووچەیان هەیە ئایا لەسەریان پێویستە پارەکە بدەن بە پیاوەکانیان یاخود نا؟ بەشێك لە زانایان گوتوویانە: بۆ ئەوەی ڕەحمەت و سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی لەنێو ماڵ زیاتر بەرپا بێت وا باشترە ئافرەتانیش دەستبار و هاوکاربن لەگەڵ پیاوەکانیان ئەگەر مووچەیان هەبوو، یان داهاتێکیان هەبوو، بەڵام وەکو واجب لەسەریان واجب نییە.

خوێنەرانی خۆشەویست!

خوای پەروەردگار لەچەند شوێنێك پیاوان دەدوێنێ لەبارەی ئافرەتانیانەوە و پێیان دەفەرمووێ: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِ ١٩﴾ النساء، بەچاکە و بەباشە ژیانیان لەگەڵدا بگوزەرێنن.

ئەگەر پیاو بەچاکی هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵ خێزانەکەی خۆی کرد، بۆچی دەبێ ئافرەتان یاخی بن و خراپ مامەڵە لەگەڵ پیاوانیان بکەن؟ کەواتە: دەبێ هەردووکیان هەماهەنگ و هاوکاربن بۆ دروستکردن و پێکهێنانی ژیانێکی خۆش و بەختەوەر.